www.kurdistannet.org
14-2-2007 19:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## (عەشق) وەک (ڕەخنە) وەهایە لەهەرنیشتمانێکدا نەبوو کاولەو وێرانەیە!! ... خاڵەحەمە



لەهەر نیشتمانێکدا خۆشەویستی تاوان بوو، مرۆڤی لەسەر کوژراو لچولێویان بڕی، دوژمنانی ئەو نیشتمانە ئاژەڵ ئاسا لەسەرلاکی نەخۆشی ئەوخەڵکەکە بێمێشکە، بنەماکانی ژیانی خۆیان دائەمەزرێنن و بەئاسن و باروود دوور لەیاساکانی مرۆڤایەتی مامەڵەیان لەتەکدا ئەکەن و دۆزەخێکی بێ ئامانیش دادەخەن بۆ ئەوانەی لەپەیڕەووپرۆگرامیان لائەدات و سەرکەش دەبێت لەڕوویاندا، بێترس و لەسەرخۆ هەمووشتێک بۆخۆیان وەچەکانیان دابین دەکەن و کەمێکیش لەنانی پاشماوە بەشی ئەوانەئەدەن کە پشت دەکەنە نیشتمان و وەچەی داهاتووی خۆیان و بەها پیرۆزەکانی نەتەوەکەیان بە نرخێکی کەم دەفرۆشن، لەهەر نیشتمانێکدا خۆشەویستی لەپشتی پەردەوە بوو، مرۆڤ ئازاد نەبوو لەهەڵبژاردنی ژیان و گوزەرانی خۆیدا، پارەوسامان ڕۆڵی سەرەکی ئەبینێت و عاشقانی ئەو نیشتمانە هەمیشە راونراوو گۆشەی زیندانەکان جێگەی حەوانەوەیان ئەبێت، هەمیشە دەستی جەهالەت بالاٌئەبێت بەسەر زاناو زانین و دەرفەتی ڕەخسیو بۆ ڕزگاربوون لەکۆیلەییتی و هەنگاونان بەرەوسەربەخۆیی، ئەگەر بەزمانێکیتر لەو بارەیەوە بدوێین لەڕۆژێکەوە گەورەییان لێسەندوینەتەوەو نوسراوەپیرۆزەکەیان سوتاندین، نیشتمانی ئێمەی کورد هەمیشە بێبەش بووە لەخۆشەویستی و بەمەرگ وەڵامی عاشقانیان داوینەتەوە، مرۆڤەکانی ئەمنیشتمانە پەلپەلکراوەی من لەسەر کوپەی زێری خۆیان ژیانێکی سەخت و گرانیشیان بەداهاتێکی کەمتر لە پێویست بەسەربردوە، واتە لەبێکەسی و هەژاریدا نەمانتوانیوە کۆمەڵگایەکی ژیرو چالاک دروستبکەین و شانبەشانی مرۆڤایەتی هەنگاوبنێین بەرەونوێکاری و بەشداربین لەپێشچونی شارستانیەتی نوێ و سەردەمدا، کەبەشێکی ئەوکەمتەرخەمییە دەکەوێتە سەرشانی تەواوی مرۆڤایەتی کەنەتەوەیەکی (50، 000، 000) ملوێنیان پشتگوێ خستووە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا عاشقانیان سەرکوتکردوە، ئەمڕۆ جەژنی عاشقانی دنیایە منیش لە گۆشەیەکی ئەمدنیایەوە ئەڕوانمە ئەو مرۆڤانەی تێرن لەعەشق و ئازادی و دنیای جوان و ئارام، تێرن لەتام و چێژ، لەخۆزگەو حەز، دوورن لەدەسەلاٌتی گەندەڵ و بیری بۆگەن و کلتوری خوازراو، روو لە نیشتمانە سووتاوەکەشم ئەگریم بۆ شەوگاری ساردوو تاریک ونوتەک و ڕۆژانی هەڵپەو کەڵەک و کوڵەک و ئەگریم و ئەڵێم.....

حەزم شێتەو گۆشەگیری عەشقی تۆیە
دڵم نامۆی وولاٌتێکی پڕ لەخەم و پڕ لەسوێیە
عەشقم بۆتە ئاگرێکی سوتێنەری پڕبڵێسە
ئەسوتێنێ هەرکەس بڵێن دژی تۆیە، دژی تۆیە.

خاڵەحەمە/2007/2/12 دانمارم/ ڤالبی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.